# ٤-٣ خاڵی بەیەك گەیشتنی زەبری دەروونی و جێندەر

چنور قادری

**پوختە:**

لە خـوارەوەدا تێڕوانینێک بۆ بابەتی زەبـری دەروونـی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر) ڕووندەکرێنەوە. سەرەتا دیاردە سەرەکیەکانی زەبری دەروونی تایبەت بە جۆری کۆمەڵایەتی دەخرێنە ڕوو. ئەزموونەکان و شێوازەکانی مامەڵەکردنی توشبوون بە تراومای ئاڵۆز بۆ کچان و کوڕان یان ژنان و پیاوان بەڕادەیەکی زۆر بەسراونەتەوە بەتێڕوانینی تایبەت بەجۆری کۆمەڵایەتی و دەرئەنجامە دژبەیەکەکانی لێکۆڵینەوەکان. خاڵی بەیەک گەشتنی زەبری دەروونی لەگەڵ جۆری کۆمەڵایەتی هەندێک لایەن ئاشکرا دەکات. بەیەک تێڕوانین لەسەر تراوماو جێندەر سنورداری وەلامی نارۆبایۆلۆجی دەخاتە ڕوو، ئەو بۆچونە بە نەخۆشیکردنی (pathologization) مرۆڤەکان و شاردنەوەی هۆکاری شڵەژاننەکانن کە ستەم و زۆرو توندوتیژییە کە لە ناو بونیادی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، لەهەمان کاتیشدا ئاشکرای دەکات کە ئەم حاڵەتە خۆی دەبینێتەوە لە باڵادەستی پەیوەندییەکان و بەجێندەرکردنی جەستەدا.

ئەو زەبـرە دەروونیـەی کە پەیوەستە بە جێندەرەوە مانای ئەوەیە کە بەئاگا بیت لە بنەماکانی لایەنی بایۆگرافی، لەگەڵ ئەوەشدا بەئاگا بیت لەوەی نە هۆکارەکانی تراوما و نە خودی زەبرەکەش تەنها تاک و کەسیی نین و تێگەشتن لێیان ئەستەمە بەبێ تێگەشتن لەکۆی پرۆسەکە. ئەمەش بە بینینێکی واقعیانەی مەترسیە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچە ململانێکاندا کە بە جینۆساید و جێندەرساید دەناسرێتەوە.

**زاراوە سەرەکییەکان:** زەبری دەروونی، توشبوون بەزەبری دەروونی، جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر)، کاری کۆمەڵایەتی، ڕاوێژ وەرگرتن بۆ تراوما، توندوتیژی دژی ژنان

## پێشەکی

کوردستان ناوچەیەکە کە لە ساڵان و سەدەکانی دواییدا ڕوبەڕووی چەندین جەنگ بووەتەوە. بە وتەی زانای کوردی کەنەدی شەهرەزاد موجاب (۲۰۰۳)، چەند ساڵێک لەمەوبەر ئەم ناوچەیە بووە بە «جێگای جینۆساید و جێندەرساید»، بە دەربڕینێکی تر ناوچەیەکە شێوازی توندوتیژیی جۆراوجۆری تێدایە. کۆمەڵکوژییەکە پێشترپەیوەندی هەبوو بە حکومەتی عێراقەوە دژی کۆمەڵگەی کوردی، لەم کاتەدا، تراژیدیا و کۆمەڵکوژی دیکەش رویداوە، بۆ نمونە دژی ژنە یەزیدییەکان لەلایەن داعشەوە.

لە هەموو ئەم ململانێیانەدا، ژنان وکچان وەک کەرەستەی جەنگ بەکار هێنراون، چەوسێنراونەتەوە، دەستدرێژیان کراوەتە سەر و بوون بە قوربانی توندوتیژی جێندەری وە ژنان بە بێدەنگی یان شۆڕشگێڕانە بەرگریان کردووە. لەهەمان کاتدا، بەوتەی موجاب کۆمەڵگەکە لەسەر بنەمای هەڵاوێردنی ڕەگەزی سێکسی (sexual apartheid) بنیات نراوە، موجاب تەنانەت باسی ڕەگەزکوژی دەکات لەسەر بنەمای چەندین جیاکاری دژی ژنان، کە لەگەڵ هۆکاری دیکەشدا بووەتە هۆی زیادبوونی حاڵەتەکانی توندوتیژی دژی ژنان وکچان. ئەم توندوتیژییە ناکرێت بچوک بکرێتەوە بۆ توندوتیژی تاکە کەسە نێرەکان دژی تاکە کەسە مێیەکان (موجاب، ۲۰۰۳) و بەڕوونی بەندە بە بنیاتی کۆمەڵگاوە. تێڕوانینی موجاب ڕەنگە بەزیادەڕەوی دابنرێت، چونکە لە ساڵی ۲۰۱۱دا (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق) دەرکرا و چەندین لایەن لە ئێستادا لە هەوڵی جێبەجێکردنیدان. بارودۆخی ژنان لەکوردستاندا بە "باشتر" هەژمار دەکرێت بە بەراورد بە هەموو عێراق.

هەروەها ڕونیشە کە هەندێک لایەن هەیە لە پەیوەندیی جێندەری, چەوساندنەوە و توندوتیژی کە دەکرێت ببێتە هۆکاری زەبری دەروونی، بۆ نمونە توندوتیژیی لەسەر بنەمای شەرەف لە کۆمەڵگە کوردییەکاندا، و توندوتیژی سێکسی وەک ستراتیژییەتی جەنگ، هەروەها جەنگە شۆڕشگێڕیەکانی ژنە کوردەکان دژی دەوڵەتی ئیسلامی (IS) و مامەڵەی دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ ژن وکچە یەزیدییەکاندا وەک کردەی کۆمەڵکوژی.

لەبەرامبەرئەم پێشینەمێژووییە و زانیاریەکان دەربارەی هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە ئەم پرسیارانەدێنەکایەوە:

لەڕووی زانستیەوەچ زانیاریەک هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان زەبری دەروونی و جێندەر؟

-ئایا دەکرێت لە ڕووی لێکۆڵینەوە پزیشکییەکانەوە لە تایبەتمەندی جۆری کۆمەڵایەتی بڕوانرێت؟ ئایا دەکرێت جیاوازییە جێندەرییەکان دەستنیشان بکرێن لەسەرهەڵدان و پرۆسەی نەخۆشییەکی زەبری دەروونیدا وەک PTSD؟

-ئەگەر بەڵێیە، چ هۆکار و ڕونکردنەوەیەک هەیە؟

-و ئەو زانیارییە چۆن سوودی لێ وەربگیرێت بۆ بابەتی زەبری دەروونی لە بوارە دەروونی-کۆمەڵایەتییەکاندا؟

## ١-لەڕووی زانستیەوەچ زانیاریەك هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان زەبری دەروونی و جێندەر ؟

هەروەک لەسەرەوە باسکرا (چاپتەری ٣ . ٣) زەبری دەروونی چەمکێکی مشتومڕ لەسەرە بۆ پێناسەکردن، کە ئاماژەیە بۆ ڕوداوێکی توندووتیژیی، لەگەڵ کاریگەرییە دەروونیەکەشیدا لەسەر کەسێک، کۆمەڵەیەک یان کۆمەڵگەیەک. لە لێکۆڵینەوەکاندا سەبارەت بە جۆری کۆمەڵایەتی»ڕەگەزی سێکسی» بەکاردێت بۆ باسکردنی ڕەگەزی نەگۆڕاوی بایەلۆجی و «جێندەر» بۆ ئەو شەقڵەی کە کلتور و ئاست و ژینگەی تایبەتی دیاری دەکات بۆ ڕۆڵی ڕەگەزەکە (بڕوانە چاپتەری تایبەت بە جێندەر). زانست سەلماندویەتی کە وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، جۆری کۆمەڵایەتی شێوازی کۆمەڵگەکانمان دیاری دەکات، لە چالاکییەکانی ڕۆژانەماندا، لە ژیانی کار و زماندا. دەسەڵات و هە لی بەشداریکردن لەکۆمەڵگادا بەستراونەتەوە بە ڕەگەزەوە، بەهەمان شێوە ستراتیجی مامەڵەکردن لەگەڵ نەخۆشی وناخۆشی بەستراونەتەوە بە چەمکەکانی پیاوەتی و مێیەتی. لە منداڵیدا، چەمکێکی جێندەری جیاکراوە و کەسیی شێوەدەگرێت: هەر تاکێک لە ئێمە هەر لەمنداڵییەوە بەرەو ئەرکی جۆری کۆمەڵایەتیمان گەشە دەکەین، بە قبوڵکردن و لاساییکردنەوە و لەهەمان کاتیشدا دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان لەڕێی لاسایی کردنەوەوە. زۆرکەس ئاشنان بە دەربڕینی (ڕۆڵگێڕان بەپێی جێندەر-doing gender). بەرەفتارکردنی جێندەریمان، شێوازەکانی هەڵسوکەوتمان لەبونیادی کۆمەڵایەتی جێندەری بەرهەم دەهێنینەوە؛ ڕەگەز تەنها ژنان ناگرێتەوە، کە زۆرجار دەبەسرێتەوە پێیانەوە، بەڵکوهەموو ڕەگەزە

پەیوەندیدارەکان دەگرێتە خۆی سەرەڕای جوتڕەگەزیی لە هەردوو نێر و مێدا و هەروەها ڕەگەزەکانی دیکەش بەپێی[10] LGBTQIA+.

جۆری کۆمەڵایەتی دەبێتەفۆرمێک و بڵاودەبێتەوە بەناو هەموو ئەزموون و ڕەفتارە کەسییەکانماندا، بەناو پێناس و ژیانماندا. ئەمە بەسەر خزمەتگوزارییە دەروونی- کۆمەڵایەتییەکان و چارەسەری دەروونیشدا دەچەسپێت:

-بۆ نمونە، پیاوان وەک کۆمەڵەیەک کە کەمتر سەردانی لایەنی پەیوەندیدار دەکەن نیگەرانن لە قسەکردن لەبارەی حاڵەتەکەیانەوەو خۆیان بەدوور دەگرن بە وەرگرتنی خزمەتگوزارییە ڕاوێژییەکان، نمونەی "پیاوێکی پیاوانە" (Malboro Man) کەسێکی توند، سارد، بەهێز و لۆجیکییە. توندوتیژ و کەلە ڕەقە. بۆشایی نێوان ئەم پێشبینییانە و واقیع دەبێتە هۆی ناجێگیری دەروونی، شەڕەنگێزی و حاڵەتی ئالوودەبون و توندوتیژی (Gahleitner & Reddemann, 2014)

-وادادەنرێت کە ژنان هەستەکانیان دەردەبڕن و هەستیارن و ئاسانتر دەتوانن ترس و بێچارەییەکانیان دەربڕن. ئەمە دەرئەنجامی ئەو توندووتیژییە هەمیشەییەیە کە لە هەموو شوێنێکدا دژی ژنان ئەنجام دەدرێت.

-ئەمە واتە پیاوان و ژنان بە زۆری بە پێی کلێشەی جۆری کۆمەڵایەتی ڕەفتار دەکەن، کاتێک کە تەنانەت چالاکە کۆمەڵایەتییەکان و پزیشکە دەروونییەکانیش سەختە بەلایانەوە جێندەر فەرامۆش بکەن (هەڵوەشاندنەوەی جێندەر "(undoing gender)" (Hirschauer2000).

بەڵام ئایا چۆن تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و بایەلۆجییەکان بەڕێگەیەکی بەرجەستە کار دەکەنە سەر ئەزموونەکانی توشبوون بە زەبری دەروونی توند؟

## ٢- ئایا دەکرێت تێبینی جیاوازی جێندەریی بکەین لە توێژینەوە پزیشکییەکاندا؟

ئەگەر لە ڕەگەز بڕوانین لە لێکۆڵینەوەکانی زەبری دەروونیدا و بپرسین: تایبەتمەندی جێندەری هەیە لە ئەزموونە پزیشیکی و چارەسەرییەکانەوە، ئەوە وەڵامەکەی هاوکات بەڵێ ونەخێرە. هەندێک بەڵگە هەیە لە ئەزموونە پزیشکییەکانەوە، بەڵام دەرئەنجامی پێشبینی نەکراویان هەیە: ژنان زیاتر ئەگەری توشبوونیان هەیە بە PTSD لە پیاوان.

10 /Lgbtqia+ –Lesbian, Gay, Bisexual, Pansexual, Transgender, Genderqueer, Queer, Intersexed, Agender, Asexual, and Ally community

زۆرینەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر بڵاوبوونەوەی تراوما لەناو پێگەشتواندا بەردەوام بۆیان دەرکەوتووە کە ڕێژەیەکی زیاتری PTSD لە ژنان و کچاندا هەیە. ڕێژەکە بە نزیکەیی دوو هێندەیە. سەرسوڕهێنەرانە، ئەم جیاوازیانە لە بەربڵاویدا بەهۆی ئەوەوە نییە کە ژنان زیاتر ڕووبەڕووی زەبر ببنەوە، هەروەک لێکۆڵینەوەکان هاوڕان: پیاوان زیاتر ڕووبەڕووی ئەزموونی زەبر درووستکەر دەبنەوە لە ژنان.

لەسەرەتادا ئەم دەرئەنجامانە ڕەنگە لێکنەچوو و ناڕوون دەربکەون لەبواری تووشبوون بە فرەزەبری دەروونی (multiple traumatization). لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە ئەم جیاوازییە ڕەگەزییانە وەک نمونەیەک لەناو دانیشتوانی مەدەنیدا دووبارە دەبنەوە، بەڵام بۆ نمونە لەناو سەربازەکاندا بوونی نیە، لەبەرئەوەی هیچ جیاوازییەک نییە لەنێوان ژنان و پیاواندا. هەروەها ئەزموونی پزیشکی پێمان دەڵێت کاردانەوەکان بۆ توندوتیژی توند و توندوتیژی سێکسی و پشتگوێ خستنی پەروەردەی منداڵ بۆ نموونە پێنەدانی خۆراک و سۆزو خۆشەویستی، زیاتر لەیەک دەچن هەتا کاریگەرییەکانی زەبرەکان توندتر بن. ئەگەری خۆ ئازاردانی توند و ڕەفتاری خۆ بە دوور گرتنیش (dissociative) هەروەها بەشێوەیەکی یەکسان لەناو هەردوو ڕەگەزەکەدا دەکرێت ببینرێت. یەک ڕوونکردنەوەی شیاو بۆ بەرزی ڕێژەی PTSD لە کچان و ژناندا ڕەنگە شێوازی زەبرەکە بێت، چونکە ژنان و کچان زیاتر ئەگەریان هەیە لە پەیوەندییە نزیکەکانیاندا زەبریان ڕووبەڕووبێتەوە (interpersonal) وەک لە پیاوان، بۆ نموونە لەلایەن کەسێکی نزیکی خۆیان، وەک توندوتیژی جەستەیی، دەستدرێژی، هێرشی سێکسی یان توندووتیژی کاتی منداڵی. کەواتە: هیچ جیاوازییەکی جێندەری نابینرێت لە زەبری توندا (بۆنمونە لە نێوقوربانیەکانی ئەشکەنجەدا) بەڵام ژنان زیاتر ڕووبەڕوی توندووتیژی سێکسی دەبنەوە (Spitzer/Wingenfeld/Freyberger, 2015: p.107).

### ٣-چ ڕوونکردنەوەیەك هەیە بۆ جیاوازی جێندەری زەبری دەروونی ؟

مشتومڕێکی زانستی هەیە سەبارەت بە حاڵەتی زەبری دەروونی تایبەت

بە ڕەگەزەکان، و لێکۆڵەران بەچەندین ئاڕاستەی جیاوازدا لە هۆکارەکەی ئەو ڕاستییە دەکۆڵنەوە کە جیاوازییەکان ناکرێت بەهۆی بایەلۆجییەوە بێت. لەپاش شیکردنەوەی چەندین لێکۆڵینەوە، (گالاّیتنەر و ڕێدەمان / ٢٠١٤) گەشتن بەو دەرئەنجامەی کە «جیاوازییە بایلۆجییەکان لە نێوان ڕەگەزەکاندا هەتا ئەمڕۆ تەنها لایەنێکی ناپەسەندی جیاوازی نێوان ڕەگەزەکان ڕوون دەکەنەوە» (ibid: p.182).

لەتوێژینەوەکانیاندا بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکان، هەندێک لەزاناکان ڕووبەڕووی کاریگەری میتۆدیانە بوونەوە: لە خودی توێژەران و بەشداریکەراندا بۆچوون و هەڵسەنگاندنەوەی ڕەگەزی تایبەت بوونی هەیە. چاودێریکەران تێڕوانینی کلێشەییان (stereotype) هەیە سەبارەت بە ڕەگەزەکان، بە واتایەکی دیکە، ئەو زانیارییەی کە بەدوایەوەن و دەیدۆزنەوە و هەڵی دەسەنگێنن بێلایەن نییە. ئەمە ناڕوونی بەجێ دەهێڵێت هەم لە کرداری لێکۆڵینەوەکە و هەم لە بارودۆخی زانیارییەکاندا. بۆ نمونە، شارەزایان توندوتیژی سێکسی هەر لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی لەسەر بنەمایەکی ڕەگەزی دەبینن. کۆمەڵی قوربانی- تاوانبارەکان لە ژێر بنیاتی تێڕوانینێکی پێشداوەری ڕەگەزیی و لایەن گرییدان. نمونەیەک بۆ ئەمە بریتیە لەو شێوازەی کە شارەزایان دەڵێن توندوتیژی سێکسی دووهێندە ئەگەری ڕوودانی زیاترە بۆ کچان. لە کاتێکدا زۆرجار چاوپۆشی لەو ئەگەرە دەکرێت کە ژنان تاوانبار بن.

بە دڵنیاییەوە، وەڵام بۆ حاڵەتی زەبری دەروونی پەیوەست بە ڕەگەزەوە وەڵامێکی فرە هۆکارە و هۆکارە مێژوویی ، کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکان لە خوارەوە باس دەکرێن.

**١-٣ مێژووی زانستی زەبری دەروونی لە گۆشەنیگای هۆشیاری جێندەرییەوە**

لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی پێشتر، جێگای سەرسوڕمان نییە کە مێژووە بەنزیکەیی ١٥٠ ساڵەکەی زانستی زەبری دەروونی خۆی بە حاڵەتی تایبەتمەندی جێندەری بناسرێتەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، دەمەوێت دوو نمونە بخەمە ڕوو:

نموونەی مێژوویی یەکەم: بنیاتنانی نێربوون یاخود پیاوەتی (constructing masculinity). کارکردن لەسەر قوربانی زەبر کە زیاتر پیاوان توش بوون، کارکردن بوو لەگەڵ ئەو کەسانەی کە دووچاری نەخۆشی شۆکی قەڵغانی (shell-shoked) لەجەنگی جیهانی یەکەم و دووەم و دواتریش جەنگی ڤیەتنام بونەوە. پیاوە زەبر بەرکەوتووەکان پێیان دەوترا (لەرزۆکەکانی جەنگ /

Kriegszitterer) لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا وەک کەسانی پەککەوتەی ئەخلاقی و لاسایی کەرەوە، ئازاردەدران و پێیان دەوترا لاواز و ترسنۆک. ئەمەش واتە تێگەشتنیان بنیاتێکی ڕەگەزییانە و پێشداوەری تێدا بووە، هەروەها بنیاتێکی کۆمەڵایەتی نێربوون و پاڵەوانییەتی ئەو سەردەمە، و قەدەغەبوونی لاوازی و شەکەت بوونی دەروونی ودەرکەوتنی کاریگەری بارە قورسەکان لەسەر پیاوان بە شێوەی نەخۆشی دەروونی.

نمونەی مێژوویی دووەم: بنیاتنانی مێیەتی (femininity constructing). توێژینەوە لە زەبری دەروونـی بە شێوەیەکی مێژوویی لە توێژینەوە لە هیستریا (دەربڕینی هەستەکان بە شێوەیەکی کۆنترۆڵ نەکراو) سەری هەڵدا. فرۆید سەرکەوتوو نەبوو لە هەوڵەکەی بۆ دانانی هیستریا وەک دەرئەنجامی زەبری ڕاستەقینەی سێکسی. لابردنی تابووەکان شکستی هێنا، فرۆید دواتر لە بیرۆکەکانی پاشگەزبووەوە. مێژووی هیستریا مێژوویەکە لە نکۆڵیکردن لەئەزموونی زەبرەدەروونیە سێکسییەکانی ڕەگەزی مێ، لەسەر پێشینەی پەیوەندییە ڕەگەزییەکان لەگەڵ جیاوازییەکی زۆری دەسەڵات و سەرمایەی مرۆیی، وێنەیەکی ڕەگەزی مێ، کەبریتیە لە ڕق وگوناە و ئەخلاقی نزمی پێوە لکاو،کە ئەمەش بەواتای بونیادی مێ بوون چەسپێنراوە (Herman, 2003).

سەرنج ڕاکێشە کە ببینیت چۆن توندوتیژی سیاسی (جەنگ بۆ پیاوان و توندوتیژی لە پەیوەندییە نزیکەکاندا بۆ ژنان) بەپێی نیشانەکانی سەردەمەکە بێنرخ کراوە و بە نەخۆشی دەست نیشانکراوە. بەرگریکردنی ئەم گروپانە بووەتە هۆی ئەوەی ناساندنی دەرئەنجامەکانی توندوتیژی خراپ بە PTSD لە قەڵەم بدرێت. ئەم لە قەڵەمدانی بە نەخۆشی کردنە دەکرێت لە هەمان کاتدا هەم دوورکەوتنەوە لە ڕوونکردنەوەیەکی سیاسی و هەم خۆدزینەوە لە بەرپرسیاربوونیش بێت، ئەگەر نکۆڵی بکرێت لە گەڕاندنەوەی نیشانە دەروونیەکان بۆ ڕوداوە ڕاستەقینەکان. هەربۆیە، چەمکە پەیوەستەکان بە زەبر هێشتاش مشتومڕو گرژیان لەسەرە لەنێوان کارلێکردنی بە سیاسی کردن یان بە نەخۆشی کردندا.

**٢-٣ تێڕوانینێک لە پرۆسە ی بەرکەوتنی زەبری دەروونی لە سەرهەڵدان و گەشەکردندا**

مەرج نییە بەرکەوتنی زەبر هەموو کەسێک دووچاری شڵەژانی دەروونی بکات، بەڵکو بەندە لەسەر چەندین هۆکار. بێگومان بەکارهێنانی ڕونکردنەوەیەکی

فرەلایەنی بایۆسایکۆسۆشیالی بۆ هۆکارەکانی توشبوون بە PTSD لایەنەکانی تایبەت بە جێندەریش ڕەچاودەکات، کە بەشێوەیەکی ئاڵۆز گرێدراون بەهەردووفاکتەرەکانی مەترسی و پارێزگاری. ئەمە واتە ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی گشتگیر قسە لەسەر کاریگەریەکانی تایبەت بە جێندەربکەین، چونکە ئەمە بەندە بە توندی و جۆری زەبر بەرکەوتنەکە و ڕادەی ویستی کەسەکە، کە نەک تەنها پەیوەستە بە لایەنی جێندەرەوە، بەڵکو بەدڵنیاییەوە لایەنی تریش کاریگەرن وەک تەمەن، پلە، لەش، سەرچاوەی دارایی و کۆمەڵایەتی، توانای مامەڵەو بەرگەگرتنی دەروونی، پەروەردە، هتد. ئەم فاکتەرانەش هە مو ڕۆڵی خۆیانیان هەیە، بەڵام پلەی کارتێ کردنی جێندەر لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەرزترینە و بۆ ژنان و پیاوان شێوەی جیاوازدە گرێتەخۆی.

هەندێک توێژینەوەی ڕابردوو لە پرۆسەی ڕەگەزییان کۆڵیوەتەوە. بەوپێیەش دەتوانرێت هەردوو حاڵەت ببینرێت هەم دیاردەی تایبەت بەڕەگەزوەهەم دیاردەی گشتی نێوان خەڵک. بەپێی ئەم توێژینەوانەکچان وەک کوڕان هەوڵ دەدەن بۆ قەرەبووکردنەوەی فشاروسترێس بۆ خۆلادان لە زەبر، ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە کە نەتوانن زەبرەکەیان بیربکەوێتەوە (لەدەستدانی یادەوەری). بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش، لەش و دەروون ڕۆڵە جیاوازییەکانی کلێشەی ڕەگەزی دەگێڕن. پیاوان و ژنان بە شێوازێکی تێکشکێنەر وەک کلێشەی ڕەگەزەکانیان ڕەفتار دەکەن. ژنان زۆرجار کاردانەوەیان هەیە بەشێوەی داخراویی و قوربانیدان و دووبارە خۆکردنەوە بە قوربانیی. ئەوپیاوانەی کە ئەزمونی تراومایان هەیە هەوڵەدەن بەشێوەی توندوتیژی وتاوان کردن بەرامبەر کەسانی تر بەرەنگاری بارودۆخەکەیان ببنەوە. ڕونکردنەوەیەک بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە کاتی قەیراندا و لەگەڵ ئەزموونی زەبر درووستکەردا، خەڵک پشت بە شێوازوهێمای ئاشنا دەبەستن بۆ ڕێکخستنەوە و پارێزگاری، لەبەرئەوەش ڕەفتاری کلێشەیی جێندەری ئەنجام دەدەن.

لە یەکەم ڕوانیندا ژنان وا دەردەکەون "هەنگاوێک لەپێش" پیاوانەوە بن، چونکە باشتر دەتوانن لە هەستەکانیان و دەرئەنجامی زەبر بەرکەوتن تێبگەن ،هەستی پێ بکەن و زیاتر توانای دەربڕینیان هەیە، لە کاتێکدا پیاوان هەستەکانیان دەرنابڕن و نکوڵی لە حاڵەتەکە دەکەن. پێزانینی تاک لە ئازارەکانی

خۆی بەبێ بەرنامەڕێژییەک و ئەگەرێک بۆ هەستانەوە لێی بە بەهێزی، زۆرجار لای ژنان دەبێتە هۆی ئەوەی سەرنج بخەنە سەر قوربانی بوون و تێگەشتنێکی زۆر هەستیارانە، پیاوان زیاتر "گیردەکەن" لە پشتگوێخستن و چەپاندنی هەستەکانیاندا. ئێستا دوو ڕێگا هەیە: یان سورێکی سەختی پشتگوێ خستن یان ڕوبەڕووبوونەوەی ڕابردوو. ئەمە دەکرێت هەلێک بێت بۆ چاوخشاندنەوە بە ڕەفتاری تێکشکێنەری تایبەت بەجێندەریدا. ئەگەر سەرکەوتوو بوو لەشکاندنی چەقبەستوویی ڕۆڵی ڕەگەزییدا، ئەوا چەقبەستووییەکە ڕەها دەبێت و دەکرێت ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بنیاتنەر. پیاوان ڕایدەگەیەنن کە هەستەکانیان زیندووبوەتەوە و باشترلە بە قوربانی بوون تێدەگەن، لەکاتێکدا ژنان باس لەپەرەسەندنی پێداگریی و توانای بڕیاردان و هونەری مامەڵەکردن دەکەن. بەم شێوەیە گۆڕینەوەی ڕۆڵی ڕەگەزی دەبێتە هۆکارێکی باشبوونی تەندروستی لە پرۆسەی زەبری دەروونیدا.

### ٣-٣ سیاسەتی جەستە وپرۆسەی زەبری دەروونی

سیاسەتی جەستە بەسیاسیی کردنی جەستەی کەسەکان دەکات بە ئامانج و ە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی جەستە لە ناوەڕۆکی پلەبەندی سیاسییدا بێت وەک هێمایەکی پلە و دەسەڵات. کێشە کەسییەکانی پەیوەست بە جەستەوە؛ وەک دەستدرێژیی، ڕێگریکردنی کەسەکە خۆی بۆ منداڵ بوون ، شێوازی قژ و جلوبەرگ، دووگیانی، یان هێرشی سێکسی وەک کێشەی سیاسی دەبینرێن. جەستە ئەو شوێنەیە کە تیایدا بنیاتە کۆمەڵایەتییە جیاوازییەکان لەسەر مرۆڤەکان دەچەسپێنرێن. خستنە ژێردەستی جەستەکان بۆ ڕێکخستنە حکوومییەکان ڕێگایەکە بۆ دڵنیابوون لەوەی کەسەکان بە شێوازێکی پەسەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕەفتار بکەن. "جەستە لە ڕیزبەندییەکی دووبەشی هەرەمیدا دانراوە، بۆ نمونە، نێر/ مێ؛ کەسانی ساغ/ پەککەوتە؛ قەڵەو/ لاواز؛ ڕەگەزی بەرامبەرخواز/ هاوڕەگەزخواز؛ و گەنج/ پیر." (بڕوانە Waylen et al. 2013)

بەرکەوتنی زەبری دەروونی پەیوەندی هەیە بە جیاوازییەکی زۆری دەسەڵات کە لەسەربنەمای پەیوەندییە جێندەریە کلتوورییەکانەوە بە یاسایی کراون. پەیوەندیی باڵادەستی جێندەری شتێکی هەرەمەکی نییە، بەڵکو سیاسەتێک

هەیە کە کار لەسەر گونجاندنی ئەو چوارچێوەیە دەکات و دەیشەرعێنێت، ئەو کاتەی تاوانێک وەک "دژەیاسا" مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر توندوتیژی جێندەری لە جەنگدا بەڕەوا دابنرێت ولە ڕووی یاساییەوە پاڵپشتی بکرێت، ئەواکۆمەڵگە کەسە قوربانیەکە دوورەپەرێزلەخۆی دەگرێت، واتە نایگرێتە خۆ بەهۆی ئەو رەفتارەی کە بەرامبەری کراوە. نمونە یەکی تر ئەوەیە کەکاتێک سوکایەتی و کەمکردنەوەی دەروونی لە پەیوەندییە نزیک یان پشت پێیەستووەکاندا وەک بابەتێکی تایبەتی وکەسی (eprivat) دابنرێت و پشتگوێ بخرێت. تێگەشتن لە بارودۆخەکەش پەیوەستە بەوەی چ بنەمایەکی جێندەری لەناو کۆمەڵگە بەرکارە پاش زەبرەکە. بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان هەلە کەسییەکان دروست دەکەن و ئاراستەیان دەکەن. بەرگەگرتن لەگەڵ چەند ڕێبازێکی شیاودا دەبێت. لەوانەش؛ پاراستنی یاسایی، کە هەلی ڕاستەقینە درووست بکات لە دەرئەنجامدا، وەک پشتگیری کۆمەڵایەتی، چارەسەری دەروونی، ئاسایشی خێزانی، سەرچاوەی دارا یی، هتد. زۆر گرنگە کەئایا ئەو توندووتیژیەی ئەزموون کراوەلەکۆمەڵگەدا باسی لێوە دەکرێت؟ ئەگەرباسی لێوەدەکرێت ، چۆن باسی لێوەدەکرێت؟ وەکام شێوەی باسکردن لەکۆمەڵگادازاڵە؟ وە ئەم لێدوانە زاڵانە چەند پەیوەستن بە جۆری کۆمەڵایەتیەوە؟

هەندێک نمونە و لێکۆڵینەوە هەن لە هەرێمی کوردستاندا، بۆ نمونە، چۆمان هەردی و کارین ملۆدۆخ لیکۆڵینەوەیان لە سەر ئەنفال کردوە بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی جێندەر.

توێژینەوەکەی چۆمان هەردی (Hardi, 2011) "ئەزمونەکانی جێندەری لە جینۆساید – ڕزگاربوانی ئەنفال لە کوردستانی عێراق" ئەوە دەردەخات کەجیاوازی جێندەری هەیەلەشێوەی باسکردن وهەڵس وکەوت کردن لەگەڵ ئەزموونەکانی توندوتیژی دەوڵەت لەکاتی هێرشی ئەنفالدا. "زۆربەی پیاوەکان لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا کوژران، هەروەها هەندێک لە ژنەکانیش کوژران، ئەمەش بووە هۆی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی" (:.ibid p.4). هەر بەوپێیەش، ئەزموونە ڕەگەزییەکان دەرخەری ئەوە بوو کە ژنەکان لە کامپەکاندا بوون و لەوێدا سەرقاڵ بوون بە سوڕی مانگانە، دووگیانی و منداڵبوون، نەخۆشی، مردنی منداڵ و ترسی دەستدرێژی کرانەسەر. دواترلە دوای ئەنفال ڕووبەڕووی ئاڵنگاریی بنیاتانەوەی ژیانیان بوونەوە لە سیستمێکی

پیاوسالارییدا بە نەبوونی کوڕەکانیان، مێردەکانیان و باوکیان کە ڕفێنرابوون و کوژرابوون.

لە ڕاستیدا چۆمان هەردی لە چاوپێکەوتنەکاندا تێبینی جیاوازی ڕەگەزیی کردوە لە دەربڕین و تێگەشتنیان لەو زەبرە دەروونیانەی ئەزموونیان کردووە: "بە گشتی گەواهیدانی پیاوەکان ڕەسمی و گشتگیر بوون" (ibid.). پیاوەکان باسی زنجیرە ڕوداوەکانیان دەکرد بەپێی تێپەڕبوونی کات، بەڵام بەبێ هەست، یاخود کۆنترۆڵی هەستەکانیان دەکرد. واتە دەوەستان و بەردەوام نەدەبوون لە قسەکردن هەتا دووبارە دەیانتوانی کۆنترۆڵی دەنگیان بکەنەوە بەبێ گریان.

ژنان بەهەست و سۆزەوە باسی بابەتەکەیان دەکرد و زانیاری زۆر تایبەتییان دەخستە ڕوو. بۆیە گێڕانەوەکەیان لەگەڵ پێشبینی جۆری کۆمەڵایەتی دا دەگونجێت و کار دەکاتە سەر وتەکانیان. بابەتێکی قەدەغەی هاوبەش هەبوو لە ناو ئافرەتەکاندا، لەبەرئەوەی نەیان دەویست باسی کێشەکانی پەیوەست بە جەستە بکەن: "بەهەرحاڵ، لە کاتی پرسیارەکانی سەبارەت بە لەشفرۆشی و دەستدرێژی سێکسی و هەراسانکردنی سێکسیدا، بێدەنگییەک دروست دەبوو [...]. لەم کۆمەڵگە دیاریکراوەدا کێشەی توندوتیژی سێکسی و بە قوربانی بوون دەکرێت لە دژی قوربانییەکە بەکار بهێنرێت و لۆمەیان بکرێت بۆ ئەو شتانەی دەکرا ڕێگرییان لێبکردایە" (ibid.: p.74).

لە گوتارە نەتەوەییەکاندا "گێڕانەوەی چیرۆکی نەتەوە" دەبینین لەسەر جەستەی ژنان. ژنان یان جەستەی ژنەکان، نەک تەنها ئەرکی دووبارە بەرهەم هێنانەوەی بایەلۆجی و کلتوریان لەناو خێزان ونەتەوەداپێدراوە، بەڵکوباری نوێنەرایەتیشیان خراوەتە سەرشان. ئەوان دەکرێنە نوێنەری قەوارە و شوناسی هەمووان. هەروەها شەرەفیشیان بەستراوەتەوە بە یاسایەکی ئەخلاقی و کلتووری توندەوە و وەک "سمبولی پارێزەری سنووری نەتەوە " دادەنرێت، واتە بەهێمای سنوریی جیاوازیی نەتەوەیی، نەژادی و کلتوریی دەبینرێن. ژنان بەهیچ شێوەیەک تەنها قوربانی سیستمێکی دەرەبەگی پیاوسالاری و سەرمایەداریی بەڕێوەبەری نێرەکان نین کە تیایدا توندووتیژیان بەرامبەر دەکرێت. بەڵکو ژنان بە دوولایەنی و جوت هەستی هەنگاو دەنێن: لەهەمان کاتدا لەسەر پەیڕەوی ڕیزبەندی جێندەری بەردەوامن و بەو هۆیەشەوە بەشدارن لەڕازییبوونە ئاساییەکەی خۆیان، هەروەها پشتیوانی لە بەئاسایی و یاسایی

کردنی نۆرمەکان دەکەن. لەوێشەوە دەبنە هۆی چاوخشاندنەوە بە سیستمەکەدا و یارمەتیدەرن لە دروستبوونی پەیوەندییە جێندەرییەکان و گۆڕانکارییەکانیان.

**دەرئەنجام ئەم هۆکارانەی خوارەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پەرەسەندنی هۆشیاری جێندەریدا:**

**پێش ڕوداوی زەبر دروستکەر:**

• پێکهاتەی بایۆگرافی کەسیی، دروستی دەروونی و بەرگەگرتنی کەسەکە.

• بارودۆخە کۆمەڵایەتییە بنیاتنراوەکان (بۆ نمونە، چۆن توندوتیژی خێزانی لەسەر بنەمای جێندەر وەک ساتێکی بنیاتنەر حسابی بۆ دەکرێت؟ یاسا چی دەڵێت؟ کام سیاسەتی جەستەیی زاڵە؟)

**لەکاتی ڕوداوی زەبر دروستکەر:**

• وەڵام وکاردانەوەی نۆرۆبایۆلۆجی کەسیی بۆ سترێس

**پاش ڕوداوی زەبر دروستکەر:**

• لەباسی یادەوەری و حیکایەتە مەزنەکانی کۆمەڵگاونەتەوەدا کێ بە پاڵەوان و کێ بە قوربانی دادە نرێت؟ چی تابووە بۆباسکردن؟ ئایا ئەزموونەکانی توندووتیژیی تەنها لە چوارچێوەی بیروبۆچونی نیشتیمانی، ئاینی و نەژادیدا دەتوانرێت باسی لێوە بکرێت یان لەوە زیاتر؟ لەباسکردندا زیاتر وەکو دیاردەیەکی بەسیاسی کراوە یاخود وەکوشلەژان و نەخۆشی دادەنرێت؟ لاوازکەرە یان بەهێزکەر، بابەتییە یان کەسیی؟ ئایا دەبێتە هۆی لاوازی یان دەبێتە هۆی گەشەی پاش زەبری دەروونیش؟

• ئایا بارودۆخی ژینگەیی هەیە کە ببێتە هۆی باشبوونی تەندروستی کەسەکە، بۆ نمونە بە هۆی چارەسەری دەروونی یان بە شێوازی باشتربوونی باری ژیانی تایبەت بە تاکەکەس یان کۆمەڵگە؟

## ٤-هۆشیاری جێندەری زەبری دەروونی لە کاری کۆمەڵایەتیدا

کارکردنی هۆشیارانە بۆ جێندەرو زەبر کارێکی فرەلایەن و ئاڵۆزە. بە لەبەرچاوگرتنی هاوسەنگی لەنێوان هۆکارە ناوەکییەکان وژینگەییە دەرەکییەکان بە مەبەستی گەشەکردنی دەروونی گرنگی خۆی هەیە.

هیچ لایەنێک نابێت پشتگوێ بخرێت لە چوارچێوەی ڕاوێژکردندا: کێشە جێندەریەکان دەکرێت ببنە هۆی سەرلێ تێکچوون، وەڵامی کورت و بەپەلە، بۆ نمونە بە جەمسەرکردنی هەر ڕەگەزێک (ژنان بەو شێوەیەن، پیاوان بەو شێوەیەن)، ناساندنی تەواوی ڕەگەزەکە بە شێوەیەکی یەکگرتوو و گشتگیر (ئێمەی ژنان بەرامبەر ئێوەی پیاوان). جگەلەوانەش لەبری بینینی دەسەڵات لەکۆمەڵگادا کێشەکە لەتاکەکەسەکاندا دەبینرێت، یاخودبە پێچەوانەوە ململانێکان بەسیاسی دەکرێن کە لەبناغەدا هۆکارەکانی تاکین. واتە هەڵوێستێک بە دەستێوەردانێکی زۆرەوە یارمەتیدەر نییە، بەڵکو هەڵوێستێکی هەستیار و هۆشیارییەک ئاڕاستەکراوبەجێندەردەکرێت یارمەتیدەر بێت.

بنیاتنانی پەیوەندییەک لەسەر بنەمای متمانە، پشتگیریکردن و ڕێز لە نێوان ژنان و پیاواندا بەهەمان شێوە بنچینەیەکە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەیەکی ڕاوێژکردن یان چارەسەر. خاڵی گرنگ ئەوەیە کە حاڵەتە کەسییە تایبەتەکە پشتگوێ نەخرێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەرنج بخرێتە سەر مەترسییە بنیاتییەکان. لەبەرئەوە کار بە هۆشیاری جێندەریەوە بۆ زەبری دەروونی پێویستی بە سەرنجێکی ورد هەیە بۆ لایەنە بایۆگرافییەکان: نە هۆکارەکانی زەبری دەروونی و نە خودی زەبرەکەش تەنها نین و تێگەشتن لێیان ئەستەمە بەبێ تێڕوانینێک بۆ مەترسییە کۆمەڵایەتییەکان لەڕووی پرۆسە و ژینگەی ڕوداوەکەوە، بەتایبەتی لە هەرێمە قەیراناوییەکاندا کە قڕکردنی مرۆڤ و قڕکردنی ڕەگەز تیایاندا زۆرتر ڕوودەدات.

## پرسیارەکان

**پ١ /لەڕووی زانستیەوەچ زانیاریەک هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان زەبری دەروونی و جێندەر؟**

**پ٢ /ئایا دەکرێت جیاوازییە جێندەریەکان دەستنیشان بکرێن لە سەرهەڵدان و پرۆسەی نەخۆشییەکی زەبری دەروونیدا وەک PTSD؟**

**پ٣ /ئەگەر بەڵێ، چ هۆکار و ڕونکردنەوەیەک هەیە؟**

**پ٤ /ئایا چۆن سوود لەو زانیارییانە وەربگیرێت و بەکاربهێنرێن بۆ بابەتی زەبری دەروونی لە بواری کاری کۆمەڵایەتیدا؟**

## سەرچاوەکان


Freud, S. (1896/1952): Vortrag über die Ätiologie der Hysterie. In: Freud (1952). Gesammelte Werke, Bd. 1. Frankfurt a. M.: Fischer

Gahleitner, S./ Reddemann, L. (2014): Trauma und Geschlecht – ein Verhältnis mit vielen Schattierungen. In: Trauma und Gewalt, Heft 3, p. 180-190

Hardi, C (2011): Gendered Experiences of Genocide. Anfal Survivors in Kurdistan-Iraq. Ashgate

Herman, J L (2015). Trauma and Recovery: The Aftermath of Violence - From Domestic Abuse to Political Terror

Herman, J. (2003). Die Narben der Gewalt. Paderborn: Junfermann

Hirschauer, S. (2001): Das Vergessen des Geschlechts. Zur Praxeologie einer Kategorie sozialer Ordnung. In: Kölner Zeitschrift für Soziologie und Sozialpsychologie. Sonderheft 4, p. 208–235

Mlodoch, K (2015): The Limits of Trauma Discourse. Women Anfal Survivors in Kurdistan-Iraq. De Gruyter

Mlodoch, K (2017): Gewalt, Flucht – Trauma? – Grundlagen und Kontroversen der psychologischen Traumaforschung. Reihe FluchtAspekte. Göttingen

Mojab, S (2003): Kurdish Women in the Zone of Genocide and Gendercide, Al-Raida Jg. XXI, H. 103, S. 20-25

Scheffler, S. / Gerlichs, K. (2014): Trauma und Gender – noch immer ein blinder Fleck? – Kritische Betrachtungen und -behandlung aus der Geschlechterperspektive. In: In: Trauma und Gewalt, Heft 3, p. 192-200

Spitzer, C. /Wingenfeld, K. / Freyberger, H. J. (2015): Geschlechtsspezifische Aspekte der Posttraumatischen Belastungsstörung. In: Seidler, G., Freyberger, H. J. & Maercker, A. (Ed.). Handbuch der Psychotraumatologie. 2. Auflage, Stuttgart: Klett-Cotta. P. 108- 120

Waylen, Georgina / Karen Celis, Karen/ Kantola, Johanna / Weldon, S. Laurel (Eds.) (2013): Body Politics. The Oxford Handbook of Gender and Politics. Political Science. Online Publication 8/ 2013: https://www.oxfordhandbooks.com/view/10.1093/oxfordhb/9780199751457.001.0001/oxfordhb-9780199751457-part-2?print=pdf (Accessed: 19/12/2020)